ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
8
25 ی مارت / مارسی 2021



## کوردایەتی و نەورۆز!

| موحسن کەریم

بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی بەردەوام هەوڵ دەدەن مۆرکێکی نەتەوەیی کوردی بدەن بە جەژنی نەورۆز لەکاتێکدا چەندین نەتەوەو گرووپی کۆمەڵایەتی جیاواز ئەم جەژنە بەهی خۆیان دەزانن و هەریەکەیان بە شێوازی خۆیان یادی دەکەنەوە.

جەژنی نەورۆز کە رێکەوتە لەگەڵ یەکەم رۆژی بەهاردا، هاوکات بە سەرەتای ساڵی تازەی ئێرانی ناودەبرێت، بەڵام

لە چەندین ووڵاتی دیکە کە دەکەونە سەر رێگای ئاوریشمی وەکو ئەفغانستان، ئازەربایجان، هیندستان، کیرغستان، کازاخستان، پاکستان، تاجیکستان، تورکمانستان، ئۆزبەکستان، تورکیا و عێراقیش یاد دەکرێتەوە. بەمجۆرە ئەوە روونە کە جەژنی نەورۆز نەک خەسڵەتێکی نەتەوەیی نیە بۆ هیچ کام لەو نەتەوەو گرووپە کۆمەڵایەتیە جیاجیایانە، بەڵکو جەژنێکی هاوبەش و بان نەتەوەیی هەموو ئەو خەڵکانەیە کە لەو ناوچە دیاریکراوەی جیهاندا دەژین، بنەماکەشی کۆتاییهاتنی وەرزێکی سەخت و دژوار و دەستپێکردنی وەرزێکی نوێی پڕ جوڵەو ژیانەوەی سروشت بووە کە سەرچاوەی خۆراک و ئیمکاناتەکانی مرۆڤی کۆنی دابینکردوە. بەجۆرێکی دیکە دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێ بووە دوای چەند مانگ لە سڕبوون و دابڕان و هەوڵدان بۆ مانەوەی فیزیکی مرۆڤ بەرامبەر بە سروشت.

بەمجۆرە نەورۆز وەکو بۆنەیەک لای خەڵکی ناوچەکە چەسپاوە کە کۆتایی هاتنی میحنەت و

بۆ لاپەرە 2



## ئومێد بەڕێکەوتنی هەرێم و بەغدا سەرگەردانیە!

| عوسمانی حاجی مارف

ماوەیەکە هەواڵی میدیاکان سەرقاڵی دانیشتنەکانی نێوان هەرێم و بەغدان، ئەو گفتوگوو دانیشتنانەی کە نە سەرەتاکەی لە بیری خۆیان و خەڵکدا ماوە و نە دەزانرێت کۆتاییەکەی کەی رادەگەیەنرێت.

رۆژانە لە هەواڵەکاندا دوای چەندین جار لە گەیشتنی شاندی هەرێم بۆ بەغداو پاشان گەڕانەوەیان بە دەستی بەتاڵ، ئەوە رادەگەیەنرێت کە بەم زووانە هەردوولا رێک دەکەون، گوایە تەنها چەند خاڵێک ماوە بڕیاری لەسەر بدرێت.

بەڵام بە رۆشنی دەبینین ئەو بەندانەی کە ماون و دواتر لە دانیشتنەکانی تردا قسەی لەسەر بکەنەوە، نیشانەکانی ئاڵۆزی و بارگرژی هەتاهەتایی پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا نیشان دەدات، چونکە کێشەی پشکی بودجەو رێژەی ناردنەدەرەوەی نەوت و نەخشەو پلانی داهاتوی سنورەکان و نفوزو ناوچەگەرێتی و هێزی سەربازی..هتد هیچ کات نەیتوانیوە خاڵی هاوبەشی دانیشتن و رێکەوتنەکان بێت و نابێت.

مەسەلەیەک کە پێویستە جێگای سەرنجی جدیمان بێت ئەوەیە کە ئاخۆ لەدەرەوەی چاوی هێزە میلیشیاکانەوە تا چەندە چاوەڕوانی پێویستە بۆ ئەوەی بزانرێت ئەگەری ئەوە هەیە ئەنجامی ئەم سەوداوماملەیە ئەنجامەکەی رێکەوتن دەبێت یا رێنەکەوتن؟ گەر بەهەر ئەنجامێک بگات تا چەند پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکی هەژارو نەداراوە هەیە؟ ماوەی ٣٠ساڵ

بۆ لاپەرە 3

## دەوری حزبە کوردیەکان لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا!

نوری بەشیر

بۆ لاپەرە 4

## ١٥٠ ساڵ دوای کۆمۆنەی پاریس... بژی کۆمۆنە!

عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەرە 6

## دادگای فیدراڵی عێراق و رۆئیای شیعەکان بۆ حکومەتێکی سەرکوتگەری ئیسلامی!

خەسرەو سایە

بۆ لاپەرە 8

## درێژەی.. کوردایەتی و نەورۆز!

سەختی و دەستپێکردنی خۆشی و دوبارە ژیانەوەیە... هەر لەسەر ئەم بنەمایەشەوە دەرچوون بۆ ناو سروشت و شادی و گەشتوسەیران بووتە سیمای جیاکەرەوەی نەورۆز لای هەموو ئەو نەتەوە یان گروپە کۆمەڵایەتیانەی کە یادی دەکەنەوەو وەکو جەژنی خۆیان تەماشای دەکەن.

بەڵام بۆچی ناسیۆنالیزمی کورد دەیەوێ بەرگی نەتەوەیی کوردی بکات بەبەر نەورۆزدا!؟ بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد هەمیشە بەشوێن ئەوەوەبووە کە مێژوو بۆ خۆی دروست بکات. ئەم مێژووەش بە مێژووی هەموو نەتەوەی کورد یەکسان بکات، تا لەم رێگایەوە خۆی و کورد بکاتە یەک جەستە کە بوون و نەبوونیان پێکەوە گرێدراوە. بەپێی ئەم بۆچوون و جیهانبینیە ئەگەر کورد بیەوێ بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات بەرامبەر بە ستەم و زوڵمێک کەرووبەرووی دەبێتەوە، دەبێ لە رێرەوی ناسیۆنالیزمی کوردەوە ئەوکارە بکات. مان و نەمانی کورد وەکو نەتەوە و وەکو گروپێکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی بەندە بە ناسیۆنالیزمی کوردەوە. هەموو بۆنەو روداوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بگرە مێژوویی، بۆ ناسیۆنالیزمی کورد ئەم بایەخ و پێگەیەی هەیە. ئامانج لێی دەمەزەردکردنەوەی گیانی نەتەوە پەرستی و دورەپەرێزی نەتەوەیی و پەرەدان بە خودپەسەندی نەتەوەییە کە بنەماکانی فکری ناسیۆنالیستی کوردی پێک دەهێنن. ئەمەش بۆئەوەیە کە خەڵکی کوردزمان لەناو ئەڵقەی فکرو سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ناسیۆنالیزمی کورددا گیربدەن و رێگای دەربازبوونی لێدابخەن. بەم کارەیان وادەکەن کە هەمیشە تاکی سەر بە نەتەوە پێناسەی مانەوەو بوونی خۆی گرێبداتەوە بە کوردایەتیەوە، کەسەرەنجام وەکو کەرەستەیەکی سازو ئامادە بۆ بەدیهاتنی ئامانجە سیاسی و ئابوریەکانی خۆی کەڵکی لێوەربگرن.

جەژنی نەورۆز بۆ ناسیۆنالیزمی کورد ئەم جێگەیەی هەیە، وەکو چۆن رۆژی جلی کوردی هەمان جێورێی هەیە بۆ ئەوان. ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستانی عێراق، لەپاڵ رەواجدان بە شانازیکردن بە جلی کوردیەوە، رۆژێکی بۆ جلی کوردی تەرخانکردووە لە خوێندنگاکاندا بەزۆر منالان ناچار دەکەن جلی کوردی لەبەربکەن. ئەم سیاسەتە هەمان ئەو سیاسەتەی رژێمی بەعس و رژێمە دیکتاتۆریە تۆتالیتارەکانە کە رەمزەکانی خۆیان دەکەنە رەمزی گشتی و بە زەبری یاساو دەسەڵات دەیسەپێنن. دەنا جلی کوردی وەکو جلوبەرگی هەموو نەتەوە و گروپە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە، هیچ خەسڵەتێکی نەتەوەیی نیەو تەنها پۆشاکێکە بۆ پاراستنی مرۆڤ لە کاریگەریەکانی سروشت.

بەزۆرکورداندنی نەورۆز و سەپاندنی جلی کوردی و پیرۆزکردنی، سوودێکی لەوجۆرەی بۆ بۆرژوازی کورد هەیە، کە نەتەوەو زمان و خاک لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەیەکاندا لە ئەوروپا بۆ بۆرژوازی ئەوروپای هەیبوو. بۆرژوازی ئەوروپی بەپێی بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی خۆی هات و ئەو دیاردانەی کە پێشتر هەبوون وەکو بنەماکانی دروستکردنی نەتەوە پیرۆزی کردن. زمانێک کە کۆمەڵێک خەڵکی نزیک لەیەک لەرێگایەوە پەیوەندی نێوانیان خۆیان دەستەبەرکردبوو، سەرزەویەکی نیشتەجێبوون کە تێیدا دەژیان... و هەندێ نەریت و کەلتوری دامەزراو لەسەر بنەمای دەیان سەدە لە پێکەوە ژیان، هەموویان کرانە پێکهاتە سەرەکیەکانی دروستکردنی نەتەوەو بنەمای ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیزم و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆرژوازی! ئێستاش بۆ ناسیۆنالیزمی کورد، نەورۆز و جلی کوردی و سەرجەم بۆنە بەناو نەتەوەییەکان بۆئەوەیە کە خەڵکی کوردزمان لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیدا گیربدەن و بیانکەنە رەشەلەشکری سیاسەتەکان و بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیان. بۆئەوەیە فرسەتیان پێنەدەن دەستیان بە فکرو جیهانبینی ئینسانی و پێشکەوتنخوازو سۆشیالیستی بگات! دەیانەوێ وەکو خۆیان دەڵێن هەموو کورد بکەنە برا تا کرێکار و زەحمەتکێشی کورد جیاوازی بەرژەوەندی نێوان خۆی و سەرمایەدار و دەوڵەمەندی کورد نەبینێ... تا ئەو ستەم و چەوساندنەوەیەی لەلایەن بۆرژوازی هاوخوێن و هاونەتەوەیەوە بەرامبەری دەکرێ، نەبینێ و چەواشەبێت! هەموو ئەمەش بۆ هێشتنەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و درێژەدان بەچەوساندنەوەی چینی کرێکاری کوردستان و کەڵەکردنی سامانی خۆیانە لەسەر حسابی رەنج و قوربانی و هەژاری و برسێتی ئەوان!

تەنانەت هەوڵدانی بۆرژوا – ناسیۆنالیستی کورد بۆنیشاندانی نەورۆز وەکو رۆژ و رەمزی بەرەنگاری نەتەوەی کورد دژی داگیرکەرانی کوردستان، هەمان ئەو ئامانجەی هەیە کە خاسیەتێکی نەتەوەیی بدات بە نەورۆزو وەکو رەمزێکی ناسیۆنالیستی کوردی پیرۆزی بکات، نەک وەکو جەژنێکی گشتی و بان نەتەوەیی کە چەندین نەتەوە یان گروپی کۆمەڵایەتی دیکەی ناوچەکە لەگەڵ کورددا هاوبەشن تیایدا. بەهەر رەنگ و بۆنێکەوە وێنا بکرێت لە چوارچێوەی ستراتیژی سیاسی بۆرژوازی کورد تێباپەرێت کە هەر ئێستا لە کوردستانی عێراق ئەزمونی دەسەڵاتەکەی دەکرێت و کرێکارو زەحمەتکێشی کوردزمان لە سەرەتایی ترین مافەکانیان بێبەش کراون و دەوڵەمەندو سەرمایەداری کوردیش سامانی خەیاڵی کەڵەکە دەکەن!

★

## درێژەی .. ئومێد بەڕێکەوتنی هەرێم و بەغدا سەرگەردانیە!

عوسمانی حاجی مارف

لەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لە هەرێمدا کە پڕە لە ئەزمونی دەسەڵاتی میلیشیایی و مافیایی و تاڵانی، دەست بەسەراگرتنی سەروەت و سامانی کوردستان، دابەشکردنی کوردستان بە زۆنی زەردو سەوز، شەڕی ناوخۆوماڵوێرانی و کارەسات،...هتد. نمونەی سەپاندنی ئەوپەڕی ناجێگیری سیاسی و نائارامی و نائاسودەیی بووە. دامەزراندنی دەسەڵاتی بنەماڵە و نیشاندانی چەندین دەورە لە حکومەتی کارتۆنی و بێدەسەڵاتی پەرلەمانیە، بە دابەشکردنی ڕێژەی ئەندامانی کابینەی پەرلەمان و وەزارەتەکان لە سەر بنەمای تەوافقی پێشوەخت بە گوێرەی هاوسەنگی هێزی حزبەکان، باشترین نمونەن بۆ حاڵیبوون لە بزوتنەوەی کوردایەتی کە خاوەنی چ جۆرە ئەزمونێکی قەیراناوی و پرشکست و نائینسانی و تاڵانچی و مافیایین، ئەهلی پێکهێنان و دامەزراندنی دەوڵەت نەبون و نین، پاشکۆبون بۆ بەرژەوەندی سیاسی وواڵاتانی زلهێزی دنیا و وواڵاتانی ناوچەکە مانای ئەوپەڕی شەهامەت و ئەرکی "نیشتمان پەروەریانە".

هێزە میلیشیاکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کە بەهۆی پاشکۆبونیان و پەیوەستبونیان بۆ بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئەمریکاو بەرژەوەندی وواڵاتانی ناوچەکە بونەتە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا، هەر بەهەمان پاشکۆ بون و پەیوەست بونەوە لە ساڵی ٢٠٠٣وە دەرگیر بون، یەکەم بەشەراکەتیان لە پێکهێنانی حکومەتی عێراق و چوونە پاڵ هێزە شیعەکان و بەهێزکردنی ئاگری شەری تائفی. دووەم مامەڵەکردنی کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی بەغدا، بە هەمان پرۆسەی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئەمریکاو وواڵاتانی ناوچەکە و هێزە میلیشیا ئیسلامی و تائیفیەکان دەوریان دیوە و سودێکی زۆرتریان لە کەڵەکەی سەرمایەو جەردەیی و تاڵانی و گەندەڵی وەرگرتووە. سێیەم دەورێکی پێشڕەوانەیان دیوە لە خەستکردنەوە ناجێگیری و گێژاوی سیاسی لە عێراقداو لە هەمانکاتدا زیاتر سپاردنی کوردستان بە چارەنوسێکی نادیار.

بە مانایەک بەدوای شەڕی کەنداوو دوای ڕوخانی حکومەتی بەعس و تا ئێستا، عێراق و کوردستان بونەتە مەیدانێک بۆ شەڕو ئاڵۆزی نێوان هیزە میلیشیاکان و دەخالەتی راستەوخۆی وواڵاتان کە نە جێگیری سیاسی مانایەکی هەیە، نە دەتوانرێت حکومەتێکی ناوەندی یەکلایی کرێتەوە، وواڵاتێکی پارچەپارچەیە، کە کاریگەری کێشمەکێش و دەخالەتی بەردەوامی ئەمریکا و ئێران و تورکیا..هتد واقعیەتێکە تەنها هاوسەنگی هێزە کە پەیوەندی و نفوزی هێزە سیاسیەکان دیاری دەکات و ئاڵوگۆڕیان پێدەکات و کاریگەری لەسەر هاوکێشەی سیاسی عێراق و کوردستان و بەرژەوەندی دەسەڵاتەکانیان دەبێت، بە جۆرێک مسۆگەری مانەوەو سودی پاشکۆبونیان بە وواڵاتانی ترەوە دەرەخسێت، لە هەمان کاتدا هیزە سیاسیەکان دەکەونە ناو چوارچێوەی سەوداو مامەڵەیەکەوە کە هێچ جۆرە کەرامەت و بەهایەکی ئینسانی ناهێڵنەوە، تا ئەو ئاستەی سەرکردەکان نزمترین ئاست لە ریسوایی و سوکایەتی لەسەر خۆیان حزبەکانیان قەبوڵ دەکەن.

گەر بمانەوێت زیاتر ئاماژە بەم خاڵە بدەین بۆ نمونە ئەوە باش دەبینین کە ئاڕاستەی پارتی بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدا جیاوازە لەگەڵ ئاڕاستەی ڕێکەوتنێک کە یەکێتی دەخوازێ لەگەڵ بەغدا بیکات، مامەڵەو خواستی پارتی لە ئیمکانات و مەوقعیەتی هاوسەنگی هێزەکەیەوە گرانترو زیاترە لە یەکێتی، چونکە مەوقعیەتێک لە لاوازی هاوسەنگی هێز کەبەسەر یەکێتیدا سەپینراوە ئامادەی ملکەچی هەر جۆرە ڕێکەوتنێکە لەگەڵ بەغدا گەر بۆی بلوێت، بە ناوی پەیوەندی سەربەخۆو لامەرکەزیەوە، بەڵام لە بەرژەوەندی بەغدا نیە ئەو ملکەچیەی یەکێتی قەبوڵ بکات، بەڵکو گەر بەغدا بۆی بگونجێت هەوڵ ئەدات ئەو ملکەچیە بکاتە ناچاریەک بەسەر پارتیدا، بۆیە دەبینین لە دانیشتنەکاندا زیاتر پێداگری لەسەر ئەو خاڵانە دەکرێت تا پارتی ٢٥٠هەزار بەرمیل نەوت و کۆنترۆلی خاڵە سنوریەکان و داهاتەکانی ڕادەستی بەغدا بکات، ئەوکات بەغدا پابەند دەبێت بە دانی ڕێژەی ئەو داهاتەی دەبێت بدرێت بە هەرێم، مانای هەرێم بەلای بەغداوە یانی پارتی و تورکیا!، بەلای پارتیشەو بەغدا یانی شیعەو ئێران! هەر لەم واقعیەتەوەیە کە ئەتوانین ئەو بۆچونەی باوەڕی بەیەک ڕیزی کورد هەیە وەڵام بدەینەوە و بڵێین خۆتان فریو مەدەن و لەخەوو خەیاڵیشدا بیر لەو یەک ڕیزیە مەکەنەوە، ڕێگای کۆتاییهێان بەم ⇦

**ڕێکەوتن یان ڕێک نەکەوتنی هەرێم و بەغدا تەنها کێشەی نێوان هێزە میلیشیاکان خۆیانەو پەیوەندی بە چارەنوس و باشبونی ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە نیە!**

# دەوری حزبە کوردیەکان لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا!



| نوری بەشیر

٣٣ ساڵ بەسەر کارەساتی کیمیابارنی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێت و کاریگەری و ئاسەوار و تراژیدیا دژی ئینسانیەکانی ئەم کۆمەڵکوژیە کە راستەوخۆ ئەنجامدەرەکەی رژێمی بۆرژوا ناسیونالیستی بەعس بوو، لەهەر یاداوەریەکدا بەردەوام دڵ و دەرونی هەموو ئینسانێکی مرۆڤدۆست و ئازادیخواز لە کوردستان و جیهاندا ئازار دەدات.

بەجیا لە کۆمەڵکوژی پێنجهەزار کەس لە ماوەیەکی کەمدا، بەجیا لە دەهەزار بریندار ئەم کیمیابارانەو بێسەرو شوێنبوونی دەیانی دیکە، یادوەری ناخۆشی ئەم کارەساتە لەلایەن کەسوکاری قوربانیان و میدیاکانەوەو ئاشکرابوونی بەڵگەی نوێ لە شەریک بوونی حزبەکانی کوردایەتی لەو کارەساتەدا دەدرێت بەگوێی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیداو برینەکان دەکولێتەوە.

بێگومان ئەمە تەنها کارەسات و کۆمەڵکوژیەک نیە کە رژێمی درندەی بۆرژوازی بەعس ئەنجامی دابێت، بەڵکو ئەنفالەکانی کوردستان، خاپورکردنی سەدان هەزار دێهات، سەرگەردانی دەیان هەزار کەس و لە زیندان توندکردن و ئیعدامی فەردی و دەستەجەمعی و زیندە بەچاڵکردنی هەزارانی تر کە تا ئێستاش لە ئاستی کوردستان و سەرتاسەری عێراقدا ساڵانە دەیان گۆڕی بەکۆمەڵ دەدۆزرێتەوە، بەشێکی تری تاوانە دژی ئینسانیەکانی ئەو رژێمەیە لە کوردستان و عێراق. هەڵبەت رژێمی بەعس بەهاوکاری دەوڵەتانی بۆرژوازی و هێزە ئیمریالیستیەکانی وەکو ئەمریکا ئەو تاوانەی ئەنجام داوەو بەناوی ئەوەی کە ئێران بەوکارە هەستاوە پاکانەی رژێمی بەعس و سەدام کراوە لەلایەن دەولەتانی رۆژاوای دۆستی ئەو کاتەی سەدامەوە.

بەڵام لەوە بەئازارتر دەوری حزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی بەعس بووە لە ڕودانی ئەم تاوانە کۆمەڵکوژیەدا. ئەمە تەنیا قسەی دەستە و تاقمێکی دیاریکراو نیە کە دژی ئەم حزبانەی ناسیونالیستی کورد بێت، بەڵکو قسەی زۆربەی خەڵکی کوردستان و بەدەیان بەڵگە هەیە لەسەریان و لەهەمووی سەرنجراکیشتر سەران و ئەندامانی حزبەکانی خۆیان پشتڕاستی دەکەنەوە.

**بەڵگەکان سەبارەت بە دەوری حزبەکانی کوردایەتی لەو کارەسات و تاوانانەدا!**

هیچ شەڕو کێشمەکێشێک بێ پاساو و یەکلایەنە نیە! راستە کیمیابارانی هەڵەبجەو پێشتر دەیان شوێنیتری وەک سێوسێنان و بالیسان و شیخ وەسانان و ئەنفال و خاپورکردنی هەزاران دێهات راستەوخۆ رژێمی ناسیونالیستی عەرەبی بەعس بەسەرکردایەتی سەدام حسین ئەنجامیداوە، بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکان و شایەدحاڵەکان، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامیەکانی کوردستان و عێراق دەوریان هەبووە لە ڕوودانی ئەم کارەساتە مەرگبارەدا. ئەوەتا سەرکردەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکان کاتێک کە دەکەونە بەرامبەر یەکتری هەندێک لەڕاستی ئەو تاوانانەی یەکتر هەڵدەماڵن کە بەرامبەر بە خەڵک ئەنجامیانداوە.

---

## پاشماوەی .. ئومێد بەڕێکەوتنی هەرێم و بەغدا سەرگەردانیە!

دەسەڵاتە و دامەزراندنی دەسەڵاتی خەڵک ئاسانترو کارسازترە.

بۆیە؛ یەکەم هەر جۆرە چاوەڕوانیەک کە تروسکاییەک لە جێگیری سیاسی نیشان بدات جگە لە چەواشەکاری مانایەکی تر نابەخشێت، ڕێکەوتن یان ڕێک نەکەوتن تەنها کێشەی نێوان هێزە میلیشیاکان خۆیانەو پەیوەندی بە چارەنوس و باشبونی ژیان و گوزەرانی خەڵکەوەنیە.

دووەم تەواوی سەوداو مامەڵەکانیان لە نێوان یەکدا بەڕێکەوتن یا ڕێنەکەوتن هەمووی کاتیەو لەهەر ئاڵوگۆڕێک لە هاوسەنگی هێزیاندا دۆخێکی تر بەخۆیەوە دەبینێت. سێیەم مەسەلەی بنەڕەتی بونی تەواوی ئەو هێزە میلیشیایانە لە کوردستان یا لە عێراقدا، جا بەناوی حکومەتی هەرێم وە یان حکومەتی بەغداوە بێت، پارێزەری ئەوپەڕی دۆخی درندانەی سەرمایەداری و کەڵەکەی سەرمایەن، داڕێژەری نەخشەی بەردەوامی ئەوپەڕی کاری هەرزان و تەشەنەی هەژاری و نەداری و برسیەتین، نائینسانی و بێدەربەستن بەرامبەر ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و پێداویستیەکانیان.

جگەلە کۆتایی ئەم دەسەڵاتەو بەرپابونی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بۆ دابینکردنی ئازادی و یەکسانی، هەر چاوەڕوانیەکی تر سەرگەردانی و ئومێدێکی بێ هودەیە.

٢٤/٣/٢٠٢١

★

## درێژەی .. دەوری حزبە کوردیەکان لەکارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا!

یەکێتی کاتێک لە ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا ساڵی ١٩٨٤ بێئومێد دەبێت، بە سەرانی بەعس دەڵێن کە دەستی سوپای کۆماری ئیسلامی دەگرن بۆسەر سوپای عێراق و دەیهێنینە کوردستان و ئەوانیش پێیانوتوون ئێمەش کیمیایی دەکەین بەسەر شارەکانی کوردستاندا. ئەوەبوو ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی نەک گوێیان بەم هەڕەشانەو دووبارە بوونەوەی کارەساتەکان نەدا، بەڵکو سوربوون لەسەری و دوای کارەساتەکەش خۆزگەیان بە چەندین کارەساتی تری وەک کیمیابارانی هەڵەبجە دەخواست. سەرەنجام بەپێش لەشکرییان بۆ جمهوری ئیسلامی بۆناو هەڵەبجە بیانویان دایە دەست سەدامی تاوانبار تا ئەو تاوانە بێوێنەیە ئەنجام بدات. بەسەراحەت و بە بەرچاوی سەدان ئەندامانی یەکێتیەوە جەلال تاڵەبانی لەساڵی ٢٠٠٩ دا لە پلینۆمی چوارەمی یەکێتیدا لە سەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە دەڵێت:

نەوشیروان مستەفا بەبێ ڕەزامەندی سکرتێری گشتی کە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە بوو هەروەها بەبێ ڕەزامەندی زۆربەی مەکتەبی سیاسی و سەرکەردایەتی یەکێتیش، فەرمانی عەسکەری دابوو بە فەرماندەو هەڤالانی دەڤەری هەڵەبجە، کە وەکو بەشێک لە هاوکێشە عەسکەرییەکانی جەنگی عێراق – ئێران هەوڵی ڕزگارکردنی هەڵەبجە بدەن؛ گوایە بۆ کەمکردنەوەی گوشار بوو بۆ سەر سەرکردایەتی کە ڕژێم پەلاماری دەدات، بەتایبەتی حکومەت پێشتر هەڕەشەی بۆ ناردبوین کە هەر پەلامارێک لەگەڵ پاسداران بۆ سەر هەر شوێنێک، بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی جوابی دەبێت، تەنانەت گەر شاری سلێمانیش بێت.

نەوشیروانیش لە وەڵامدا دەڵێت :لەو سەردەمەدا کە ئێمە بە دڵی شکاو و دەرونی بریندارەوە باسی ئەوەمان ئەکرد چۆن هەوڵی "ئازادکردنی هەڵەبجە" بوو بە "کارەساتێکی ئینسانی"، تاڵەبانی بێ هیچ سڵەمینەوەیەک وتوویەتی: "کیمیابارانی هەڵەبجە مەسەلەی کوردی بردە ناو مەیدانی نێودەوڵەتیەوە... ئاخ بۆ دووسێ هەڵەبجەی تر."

ئەم حزبانەی کوردایەتی هەر ئەمەیان نەکرد کە لایەنێک بوون لەکارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، بەڵکو بوونەهۆی کوژرانی نزیکەی ٧٠ کەس لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران کە لەو ناوچەیە بوون، بەهۆی ئەوەی لەو پیلانەی خۆیان و جمهموری ئیسلامی ئێران ئاگاداریان نەکردبوونەوە و غافڵگیرکران.

سەرباری کارەساتی هەڵەبجە، یەکێتی بەسەرپەرشتی نەوشیروان مستەفاو کۆکردنەوەی هێزێکی زۆری پێشمەرگەو سوپای پاسداران بەرەو کەرکوک ڕۆشتن بۆ لێدان لە بۆریە نەوتەکان و ئەمەش وەک کارەساتی هەڵەبجە، ئەنفالی ناوچەکانی ئەو دەوروبەرەو کیمیابارانی تری بەدوای خۆیدا هێنا.

هەموو ئەوکارانە لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی یەکێتی بەسەرپەرشتی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێراندا ئەنجام دراون کە لەمانگی ١٠ ی ١٩٨٦ دا لەتاران واژووکرابوو.

دەوری حزبەکانی کوردایەتی هەر بەوەوە ناوەستێ کە دەوریان هەبوە لە رودانی کارەساتی هەڵەبجەدا، بەڵکو خۆشیان تاوانیان بەرامبەر بەو خەڵکە ئەنجام داوە کە کیمیایی قەتلوعامی کردبوون.

برای یەکێک لە قوربانیەکانی هەڵەبجە بەناوی مامۆستا کۆسار محەمەد دەڵێت: لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا خۆی و خانەوادەکەی بەرکەوتوون، دەڵێت: باوکم، دایکم، دوو خوشک و براگەورەکەم و برازایەکم لە ساڵی ١٩٨٨ شەهید بوون. خوشکەکەم لە کیمیابارانی هەڵەبجە شەهید بوو، بەڵام پێشمەرگە دەستیان بڕی و بازنەکانی دەستیان دزی "خوشکەکەم چەندین جار خزمەتی ئەو پێشمەرگانەی کردووەو کە هێشتاش لە ژیاندا ماون".

مەلا بەختیار کە ناوبەناو کارنامەی سەرانی حزبەکەی و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەشاخ و لەشار کەم کەم دەردەخات، ئەمجارە لەسەر کارەساتی هەڵەبجە و کارنامەی حزبەکەی و پێشمەرگەکانی یەکێتی و لێپرسراوانیان ئاوا دەڵێت: کە یادی هەڵەبجە دەکرێتەوە جگە لە فاشیەتی بەعس، لە ناخمدا برینێکیتر دەکولێتەوە، ئەویش زامی ئەو تاوانبارانەیە کە لەکاتی مەرگەساتەکەدا بەناو شارەکەدا گەڕاون و تەرمیان هەڵداوتەوەو ملوانکە و ئەنگوست و سەعاتی دەستی ژنەکانیان کۆکردۆتەوە، دەستی تاوانیان بردۆتە گیرفانی قوربانیەکان و

**دەوری حزبەکانی کوردایەتی هەر بەوەوە ناوەستێ کە دەوریان هەبوە لە رودانی کارەساتی هەڵەبجەدا، بەڵکو خۆشیان تاوانیان بەرامبەر بەو خەڵکە ئەنجام داوە کە کیمیایی قەتڵوعامی کردبوون.**

# ١٥٠ ساڵ دوای کۆمۆنەی پاریس... بژی کۆمۆنە!



ا عەبدوڵا مەحمود

١٨ ی ئازاری ساڵی ١٨٧١ بۆ یەکەمینجار کرێکارانی پاریس، دەسەڵاتی سیاسیان گرتە دەست. گرتنەدەستی دەسەڵات لەرێگای شۆرشی لەخوارەوەی جەماوەری چینی کریکار لە پاریسدا، هاوکات بوو لەگەڵ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تر، بە فۆرم و ناوەرۆکێکی جیاواز و نەریتێکی نوێ کە تائەوکاتە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە نەدیبوو.

بۆ یەکەمینجار چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی پاریس، لەرێگای هەڵبژاردنی ئازادانە و راستەوخۆ و لەخوارەوەوە لە کۆبونەوەی گشتی خۆیاندا، نوینەرانی خۆیان هەڵبژارد و کۆمۆنەکانیان" شوراکانیان" دامەزراند.

ئەمجۆرە دەسەڵاتدارێتیە، یەکەمین جۆری دەسەڵاتدارێتی زۆربە بوو، لەبەرامبەر دەسەڵاتی کەمایەیەک. دەسەڵاتێک لەسەر بنەمای ئیرادەی جەماوەری بۆ خۆبەرێوەبردن و کۆمەڵگە سازدان، پێی گرت... لەبەرامبەر دەسەڵاتیکدا کە پاراستنی پایەی چینایەتی دەوڵەت و سەرمایەداری خۆی داکوتابوو.

دەسەڵاتی کۆمۆنەکان، نوێنەرەوەی لەخوارەوە خستنەگەری ئیرادەی جەماوەری چینی کرێکار و بەرهەمهێنی کۆمەڵگە بوو، لەبەرامبەر بەدەسەڵاتی کەمایەتیەکی سەرمایەدار کە لەسەر بنەمای بێئیرادەکردنی جەماوەر و دوورخستنەوەی لە گێرانی رۆڵی سیاسی و کۆنترۆڵی بەسەر چارەنووسی خۆیدا، دامەزرابوو.

دیموکراسی بۆرژوایی، کە فۆرم و ئەلگۆی دەسەڵاتی بۆرژوازی فەرەنسای ئەوکاتەو ئێستای دنیای سەرمایەدارییە، پایە سەرەکیەکانی لەسەر دەستنەبردن بۆ سیستەمی سیاسی و ژێرخانی ئابوری ئەو سیستەمە دامەزراوە، و بەشداری هاوڵاتیانیش لەم دیموکراتیەدا نوینەرایەتی ناراستەخۆ و تەنها لە ئاستی سەراسەریدایە، پاراستنی بەرژەوەندی کەمایەتیەک مەبنایە. لە کاتێکدا کۆمۆنەو نەریتی شوراکان لە کۆمۆنەو پاشان لە روسیای سەرکەوتنی برگەی یەکەمی شۆرشدا، لەسەر بەشداری هەمووان و هەموو رۆژە، لە کۆبونەوەی گشتی و ئازادانە، لە ئاستی محەلی بۆ ئاستی سەراسەری، لەسەر بەمەبناگرتنی بەرژەوەندی زوربە، دامەزراوە. هەر ئەو جیاوازییە بنەرەتیەشە، وایکردووە کە ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان و ویست و داخوازییەکانی چینی کریکارو جەماوەری بێبەش و کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتە مادی و ئابورییەکانی کۆمەڵگە، لەژێر سایەی هەرکام لەو دوو فۆرمەی دەسەڵاتدا جیاواز بێت...

لەژێرسایەی دەسەڵاتی ⇦

پاشماوەی .. دەوری حزبە کوردیەکان لەکارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا!

پارەکانیان دزیووە.

مەلا بەختیار لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت لە خەڵکی باوەڕ پێکراوم بیستووە کە تاوانباری وا هەیە کە هێشتا لە ژیانیشدا ماوە پەنجەی ئاوساوی دەستی ژنانیان بڕیووە، هەتا ئەڵقەو ئەنگوستیلەکانیان ببەن. ماڵانیان تاڵان کردووە و لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا فرۆشتویانە. لەم تاوانبارانە هەیە کاربەدەست و پلەی سەربازی گەورەیان هەیە! من ئێستاش قسەیان لەگەڵ ناکەم!!

سەرباری ئەمە حزبەکانی کوردایەتی بوونە پەناگەی هەموو ئەو تاوانبارانەی سەر بە رژێمی بەعس کە دەوریان هەبوو لە تاوان و کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و ئەنفالی خەڵکی کوردستاندا لەپاڵ هێزە سەربازیەکانی بەعس... بەشێکی بەرپرسانی فەوجە خەفیفەکان دواتر بوونە سەرکردەو بەرپرسی هەریەکە لە پارتی و یەکێتی و قوربانیەکانی هەڵەبجەو ئەنفالیش لە بێمافی و هەژاری و پەراوێزخراندا ڕاگیراون و ئازاری یادەوەریەکان و نەخۆشیەکانی دوای ئەو کارەساتەوە ئازاری بینینی تاوانباران لە پۆستی بەرزی حزبی و حکومیدا، ژیانیانی تاڵ و سەخت و پڕ ئازار کردوە.

★

**شوراکان و سیستەمی شورایی شێوازێکی دەسەڵاتدارێتی جەماوەری و دیموکراسیە بەرامبەر بە دەسەڵاتی میلیشایی بۆرژوازی کورد.**

## پاشماوەی .. ١٥٠ ساڵ دوای کۆمۆنەی پاریس..

دیموکراسی بۆرژوازیدا... بە هەموو فۆرمەکانیەوە، بەو فۆرمەشەوە کە ناوەندی غەربی شانازی پێوە دەکات، هێشتا لەچاو دەسەڵاتی زوربەدا، کە کۆمۆنەکان، شوراکان، بە کردەوە لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵاتدا پەیرەویان لێکردووە، قابیلی بەراوردکردن نین. هەڵوەشاندنەوەی کاری شەوانەی نانەواخانەکان، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و سیاسەت و بڕینی هاوکاری بۆ دامەزراوە دینی و مەزهەبیەکان. یەکسانی ژن و پیاو. دیاریکردنی مووچەی بەرپرسانی کۆمۆنەکان، بەرابەر بەمووچەی کرێکارێکی شارەزا. هەڵوەشاندنەوەی سوپا و جێگرتنەوەی بە دامەزراندنی سوپای میللی و خۆبەخش. لەو دەستکەوتانە بوون کە کۆمۆنەو کۆمۆنارەکان جێگیریان کرد. هاوکات ئەزموونی کۆمۆن و کۆمۆنارەکان، بووە سەرمایەو ئەزمونێکی گرنگ بۆ شۆڕشی روسیا و بۆسەرجەم بزوتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستی، هاوکات ئەو راستیەشی جێگیرکرد کە کۆمۆنیزم و دەسەڵات و دەوڵەتی چینی کرێکار قابیلی جێبەجیکردنە.

هەموو ئەو دەستکەوتانە تەنها بەرهەمی ٢ مانگی دەسەڵاتی کۆمۆنەکان بوو. دەستکەوتەکانی کۆمۆنەو پاشانیش شۆڕشی روسیا و بزوتنەوەی کریکاری، بۆرژوازی لەسەرجەم گۆی زەویدا ناچار بە سەلماندنی بەشێک لە ئازادی و زامنکردنی بڕێک لە ئازادییەکان کرد. ئەوەی تائێستاش لە ئەوروپا و ئەمریکادا هەیە، بەرهەمی کاریگەری بزوتنەوەی کریکاری و کۆمۆنەو شۆرشی ئۆکتۆبەرە. ئێستا دوای ١٥٠ ساڵ بەسەر کۆمۆنەی پاریس و زیاتر لە سەد ساڵ بەسەر شۆرشی ئۆکتۆبەردا، ئەو ماف و ئازادیانەی ئەو دوو شۆرش و ئەزمونە لەیەکەمین رۆژەکانی دەسەڵاتیاندا کردیانە بریار و یاسا، لەهیچ جێگایەکی ژێر سایەی بۆرژوازیدا و لەهیچ ئەلگۆیەکی بۆرژوازیدا، نەک هەر بوونیان نییە، بەڵکو بۆرژوازی و دەسەڵاتەکانی خەریکی سەندنەوەی ئەو دەستکەوتانەشن کە لەژێر کاریگەری کۆمۆنەو شوراکاندا و بزوتنەوەی کرێکاریدا داسەپێنراون. هێشتا موچەی یەکسان بۆ کاری یەکسانی ژنان و پیاوان بە فەرمی نەناسراوە، کە کۆمۆنەو شوراکان لەیەکەمین رۆژی دەسەڵاتداریتیاندا کردیانە یاسا. ئازادی سیاسی هێشتا، ئازادییەکی تەواو عەیارە بۆ بۆرژاوزی و بۆ چینی کریکارو بەرهەمهێنەرانی کۆمەڵگە لەدەیان ئەمماو ئەگەر و بەلامەوە پێچراوەو و دەستبردن بۆ شۆرشیش وەکو یاخیبوون تەماشا دەکەن. سوپاو دەیان جۆری هێزی سەرکوت بۆ لەبەینبردنی شۆرش و یاخیبوونی جەماوەری لەداهاتی بەرهەمهێنەرانی کۆمەڵگە ئامادەکراون. ئەوە لەکاتیکدایە سوپا لەیەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتی کۆمۆنەکان و شوراکاندا هەڵوەشێنرایەوە و لەجێگاییدا چەکدارکردنی گشتی و ئازادانە جێگای گرتەوە.

ئەم شێوازە لە دەسەڵاتی کۆمۆن و شوراکان و ئەو ئاستە لە بەرەسمی ناسینی ماف و ئازادییەکان و زامنبوونی بیمەکان و سەرئەنجامیش هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریتی تایبەتی و بە گشتیکردن و بەهەرەوەزی کردنی، نەریت و ئەلگۆ دەسەڵاتی چینی کریکار و کۆمۆنیستەکانە، کە لەم سەردەمەی سامان و سەروەتی خەیاڵی و پێشکەوتنی زانست و دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتی سەردەمدا، لەهەموو کات زۆرتر قابیلی جێبەجێکردنن و دەکرێت کۆمەڵگەی ئینسانی لێی بەهرەمەند بێت... زامنی بەهرەمەندبوونی نیزامێکی ئاواش کە لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی ئابوری بۆ هەمووان دامەزراوە یان بە قەولی مارکس و بنەمای ئابوری سۆشیالیستی" هەر کەس بەپێی توانا کاردەکات بەپێی پیویستیش لە داهاتی کۆمەڵگە بەهرەمەندە". گرێی خواردووە بە بوونی خەباتی ریکخراوی چینی کریکار و ئامادەیی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری و دەستبردنی بۆ شۆرشی کۆمەڵایەتی و کۆتاییهینان بە دەسەڵات و سیستەم و ئۆگانەکانی پارێزگاری ئەم دەسەڵاتەو تێکشکاندنی هەموو بەرگریەکی بۆرژوای بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی لەدەستچووی.

★

**بەدەستهێنانی ئازادی و خۆشگوزەرانی، بەندە بە خەباتی یەکگرتوانەی جەماوەری کرێکاران وزەحمەتکێشانەوە بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو حزبەکانی!**



# دادگای فیدراڵی عێراق و ڕوئیای شیعەکان بۆ حکومەتێکی سەرکوتگەری ئیسلامی!

| خەسرەو سایە

بەمەبەستی دووبارە سازدانەوەی دادگای فیدراڵی عێراق، ڕۆژی ١٨ی مارس، پەرلەمانی عێراق لە کۆبونەوەیەکی خۆیدا هەمواری پرۆژە یاسای ساڵی ٢٠٠٥ی تایبەت بەم دادگایەی پەسەند کرد. ئەگەرچی ئەم هەنگاوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەڵبژاردنەکانی داهاتوی عێراقەوە هەیە، بەڵام دۆخی ناجێگیرو قەیرانێکی حکومەتی کە ڕووبەڕوی ڕەوتە بۆرژوا ئیسلامیەکان بوتەوە، ئەم بابەتەی واوەتر بردوە لە مەسەلەی هەڵبژاردن و گرێیداوەتەوە بەدوبارە سازدانەوەی سیستەمێکی حکومڕانی و دەوڵەتیەوە کە ناویان لێناوە "فیدراڵیزم و دیموکراسی عێراقی".

ئاشکرایە کە دەوڵەت و سیستەمی فیدراڵی عێراق، بەرئەنجامی جەنگ و داگیرکاری ئەمریکا و هاوکات ڕاوەستان و خۆبەستنەوەی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی سیاسی (شیعەو سوننە) و ناسیونالیزمی کورد و هەموو ئەو دەستەو گروپانەی کە ناویان لێنرا "پێکهاتەکان"، لەکەنار سیاسەتەکانی ئەمریکادا لەدایکبوو. ئەمریکا بەچەمکی "دیموکراسی پێکهاتەکان" ەوە، دەوڵەتێکی مۆزایکی و پلوڕالیزمێکی ئێسنیکی و ئاینی و تیرەگەری ساغکردەوەو جومگەکانی دەسەڵاتی بەسەردا دابەشکردن و هەموویانی لەدەوری سیاسەتەکانی خۆی ڕازیکرد. ئەمەشیان ناونا "پرۆسەی سیاسی" و لە ئەنجامیشدا دەستورێکیان بۆ نوسی کەهەم "بەهاکانی دیموکراسی" و هەم شەریعەتی ئیسلامی لەکەنار یەکدا دانا و کردیانە پیوانەی ناسنامەیەکی لیل و تێکەڵوپێکەڵی ئەم دەوڵەتە فیدراڵیە. بەڵام ئەم مەخلوقە عەجایبەی ئەمریکا، لەگەڵ ئەوەدا لەرزۆک و هەڵگری کۆمەڵێک ناکۆکی بوو، لەبنەڕەتەوە لەسەر بنەمای دۆخێکی جیهانی و ناوخۆیی ئەوکات پێکهات کە ئەمریکا نەک هەر هێزێکی بێ ڕەقیب بوو لەئاستی جیهانی و ناوچەکەدا، بگرە فاکتۆری بڕیار دەربوو لەڕاگرتنی هاوکێشەی هێزە ناوخۆیەکان و دیاریکردنی سەنگی هەریەکەیان لەم حکومەت و سیستەمە فیدراڵیەدا.

لەم نێوەدا بڕیاربوو دادگای فیدراڵ نەک سەربەخۆ و هەر چاودێری یاساکانی عێراق بەپێی دەستور بێت، بەڵکو هەموو ئەو مادانە جێبەجێ بکات کە لایەنە بەشدارەکانی نێو "پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی" لەسەری ڕێکەوتوبون و لێرەشەوە هاوسەنگی و بەرژەوەندی نێوانیان زامن بکات. بەڵام دادگا ئەم ڕۆڵەی نەگێڕا و مەعلومی نەکرد کە دیموکراسی یان شەریعەت کامیان پێوانەی تێپەڕکردنی یاساکانە. بەمجۆرەش ناسنامەی دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیای چینی فەرمانڕەوا، بەهەڵواسراوی مایەوە. تەنانەت دادگای فیدراڵ هەرگیز نەچوو بەلای چارەسەرکردنی کێشەی نێوان سوننەو شیعە، کێشەی کورد و مەسەلەی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان..

ئێستاش کە دۆخەکە گۆڕدراوە، ئەویش بەو مانایەی کە نە ئەمریکا ئەو جێگاوڕیگایەی پێشوی ماوە و نە هاوکێشەی نێوان هێزو لایەنە پێکهێنەرەکانی دەسەڵات وەک پێشوی ماوەتەوە. ئێستا ئیتر بابەتەکە هەر ئەوە نیە دادگای فیدراڵ ئەندامانێکی نەماون و دەبێ پڕ بکرێنەوە، تەنانەت مەسەلەکە ئەوەنیە ژمارەی دادوەران چەند بن و کێ دیاریان دەکا و بەچ ڕێژەیەک دەنگ لەسەر بڕیارەکانی خۆیان دەدەن تا یاسایەک تێپەڕێنن.. بەڵکو مەسەلەکە سازدانەوەی سیستەمێکە کە گیرۆدەی قەیران و ناکۆکیە ناوخۆییەکانی خۆیەتی.

بەدوای تەواوبوونی شەڕی داعش، هێزە سونیەکان و لایەنگرانی قەومی عەرەبی کەوتنە کەنارەوە. هەروەها پێگەی ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی، بەتایبەتی لەدوای ڕوداوەکانی ئۆکتۆبەرو پاشەکشەکردنیان لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان، ڕوو لەنشێوی و تەسلیمبوونە. دۆخێکی ئاواش فرسەتی داوە بە ئیسلامی سیاسی و باڵی شیعەگەرایی، تا بکەوێتە هەوڵی هەنگاو بەهەنگاو بۆ داسەپاندنی ئەڵگوی حکومەتی خۆی. لەم ڕاستایەشدا سانتراڵکردنەوەی دەسەڵات و زاڵکردنی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی و شیعەگەرایی وەک ناسنامەیەکی دەوڵەتی گۆشەیەکی سەرەکی ستراتیژی هاوبەشی ئەم قۆناغەی هێزە شیعەکانە بەهەموو ئەو ناکۆکیانەوە کە لە نێوانیاندایە. لەلایەکیترەوە ڕاگرتنی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق لەنێوان دوپێوانەی دژبەیەکی وەک دیموکراسی و شەریعەتدا، ناتوانێ سیستەمێکی پایەداربێ و بەردەوام لەبەردەم بارگرژی و پێکدادانی لایەنە پێکهێنەرەکانیدا دەمێنێتەوە. لەبەرامبەر ئەم واقعیەتەشدا بۆرژوازی و ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لەوە تێگەیشتون کە ئارامی و تێپەڕینی دەوڵەت لەو گێژاو و قەیرانەی کەتێیکەوتووە، بەبێ زاڵکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی مونسەجیم و نیزامێکی قانونی یەکجێ و دامەزراو

## پاشماوەی .. دادگای فیدراڵ و ڕوئیای شیعەکان بۆ..

لەسەر شەریعەتی ئیسلامی، لەتواناادا نیە. واتە ئەگەر دوێنێ ناسیونالیزمی عەرەبی و بەعسیزم ئەم ناسنامەیەی دابوو بەدەوڵەتی عێراق، ئەمرۆ لایەنە شیعەکان دەیانەوێت بە ئیسلام و ئایدیۆلۆژیای شیعەگەرایی پڕی بکەنەوە. بێگومان لەم پەیوەندەدا، دادگای باڵای عێراق وەک یەکێک لە کۆڵەکاکەنی فیدراڵیزم و ئەو ئەرکانەی کەپێی دراوە، لەپاڵ هێزی میلیشیای حزبەکان و لەئارادابونی ڕیزێک لەئیمام و مەرجەعی ئاینی شیعە و سەرمایەو ئیمکاناتێکی مادی کە لەڕیگای کۆنترۆڵی داهاتی نەوەتەوە دەکەوێتە بەردەست لایەنە شیعەکان، ئەتوانێت ئامرازێکی کارابێت بەئاراستەی بەکردەوە دەرهێنانی ئەم ئیستراتیژیە هاوبەشەی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی شیعەگەرا. بەڵام دیارە ئەم کارە بەبێ هەوڵدان بۆ بەئیسلامیزە کردنی کۆمەڵگا مەیسەرنابێت.

ئەو پرۆژە تازەیەی کە بەم دواییانە لەلایەن فراکسیۆنەکانی شیعەوە پێشنیارکرا بۆ ڕێکخستنەوەی دادگای فیدراڵ و بەهۆی ئامادەنەبونی ڕێژەی پێویستی ئەندام پەرلەمانەکانەوە، هەڵگیرا، نەک هەر باڵادەستی شیعەکان بەسەر ئەم دەزگایەدا زامن دەکات و بەیەکجاری سەربەخۆیی دادگاکان دەخاتەژێر پێوە، بەڵکو بەدانانی ئیمام و مەلا و زانایانی شەریعەت و پێدانی مافی دەنگدان و بڕیاردان لەسەر یاساکان، بەپێی شەریعەتی ئیسلامی و مەزهەبی شیعەکان، شەقێک لە هەرجۆرە مانا و پێوانە دیموکراسیەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراق دەدا و ئیسلام و شەریعەتەکەی دەکاتە ناسنامەی زاڵ و سیستەمی حوکمڕانی و لێرەشەوە مافو ئازادیەکانی هاوڵاتیان وردەوردە پایماڵ دەکرێ. تەنانەت خودی دادگای فیدڕالیش دەگۆردری بۆ ئۆرگانێکی هاوشێوەی ولایەتی فەقی کە لەجمهوری ئیسلامیدا بەناوی "ئەنجومەنی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام"ەوە دەکەوێتە دەست ئاخوندو ئیمامە شیعەیەکانەوە. بەمجۆرەش ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان، مافەکانی ژنان و ئازادی ڕەخنەو دەربڕین و خۆنواندن، لە هاوڵاتیان دەسەندرێتەوە و لەجێگەیدا دەسەلاتێکی سەرکوتگەری ئیسلامی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا دادەسەپێنێ. لەئێستادا کە حکومەتەکەی کازمی، حکومەتێکی کاربەڕێکەرو کاتیە و بەهۆی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی ئۆکتۆبەری شارەکانی عێراقەوە و بەدوای دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدول مەهدی بۆ تێپەرکردنی قەیرانی حکومەتی ئێستا هاتەکایەوە، دیسانەوە ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی شیعەگەرای خستۆتە سەر ئەو بڕوایەی کە هێنانە سەرکاری حکومەتێکی قانونی و موعتەبەری بۆرژوازی کە پشتیوانەی هەڵبژاردن و ئەنجامی دەنگدانی لەپشت سەرەوەبیت، تەنها ئەو جۆرە لەحکومەتە کە ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی شیعەگەرا تێیدا باڵادەستەو بەئایدیۆلۆژیای مەزهەبی ئەم باڵەی بۆرژوازی سازدراوە. بۆ ئەمەش دەبی یەکێک لە کۆڵەکەکانی دەسەلاتدارێتی کە دادگای فیدڕاڵە، بەپێی ویستی شیعەکان سازبدرێتەوە و ڕۆڵی ئەوانی تێدا زاڵ ببێت. بەجۆرێک کە ئەم دەزگایە هەم لە ئیقرارکردنی قانونی ئینتخابات و پەسەندکردنی ئەنجامەکانی دواتری هەڵبژاردنەکاندا بەپێی بەرژەوەندی گروپ و لایەنە شیعەکان دۆخەکە یەکلایی بکاتەوە، وەهەم لەڕیگای ئەم دەزگایەوە هەنگاو بەهەنگاو ناسنامەی ئیسلامی و شیعەگەرایی لەحکومەتی داهاتودا جێگر بکات.. ئەمە تەنها ڕوئیای ئەم باڵەی ئیسلامی سیاسی و بۆرژوازیە، لەدۆخی ئیستادا. ڕوئیایەک کە لەدوا ئەنجامدا بەسەرکوتی ئازادیەکان و دەستدرێژی بۆ سەر مافە مەدەنیەکان و بەزاڵکردنی سەرکوتگەری و کۆنەپەرستی ئیسلامی بەسەر هەردوو کۆمەڵگای عیراق و کوردستاندا دەچێتەپێشەوە.

لەبەرامبەر ئەم ڕوئیایەی ڕەوتەکانی شێعەگەرای ئیسلامی سیاسیدا، ئەوە بەرەی ئازادیخوازان و چەپ و کۆمۆنیستەکان و جەماوەری ناڕازی کرێکاران و زەحمەتکێشە، چ لەکوردستان و چ لەعیراق، کەدەبێ هەر لەئێستاوە بەخەباتی هاوبەشی چینایەتیان، بۆ شکستپێدانی ئەم ڕوئیایە و بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لەچنگی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی بەهەمو باڵەکانیەوە یەکگرتوانە بێنە مەیدانەوەو دروشمی حکومەتێکی سیکولاری نەقەومی و نەئاینی و جیایی دادگاکان لەشەریعەت و ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی و دەخالەتی ڕەوتە ئیسلامیەکان، وەک بەشێک لەخەبات بۆ باشکردنی ژیانو داکۆکیکردن لەئازادیە فەردی ومەدەنیەکان بەدەستەوە بگرن.

٢٤/٣/٢٠٢١

★

# ئەم سیستەم و حکومەتە دەبێ بڕۆن..
# ئیتر نۆرەی دەسەڵاتدارێتی جەماوەریە!

نەخشەڕێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەرامبەر بە بنبەستی حکومەت و دۆخی ئێستای کوردستان

دەقی ئەم بەڵگەنامەیە لەسایتی حزبدا لەم ئەدرەسەوە بخوێننەوە: www.hkkurdistan.org

# ژنە یاخیبووەکەی جیهانی عەرەب، نەوال سەعداوی، ماڵاوایی لەژیان کرد!




ڕۆژی ٢١ی ئازار، نەوال سەعداوی، یەکێک لە ناسراوترین کەسایەتی ژنی جیهانی عەرەبی، لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا ماڵاویی لە ژیان کرد.

نەوال سەعداوی نوسەر و هەڵسوراوی ناوداری بزووتنەوەی ژنانە. ئەو وەک ژنێکی یاخی لە دونیای عەرەبیدا ناسراوە، یاخی لەستەم و چەوسانەوە و ناڕازی بەهەر جۆرە توندوتیژی و جیاکاری و دەستدرێژیەک کە دەکرێتە سەر ژنان و مافەکانیان. نەوال سەعداوی خاوەنی چەندین کتێب و وتارە کە بە٤٠ زمانی دونیا وەرگێردراوە. هەروەها ئەو هەڵسوراوێکی چالاکی بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان و داکۆکیکاری مافەکانیان بووە. وەک روخسارێکی خۆشەویست لەناو ژنانی زەحمتکێشی شارەکانی میسردا ناسراوە. خزمەتەکانی ئەو وەک پزیشکێک چ لەباری دەرونی و چ لەباری جەستەییەوە و هەروەها تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ئێشوئازارەکانی ژناندا، ئەوی وەک کەسایەتیەکی جەماوەری ناسراو و خۆشەویست جێخستوە.

نەوال سەعداوی، ئەگەرچی پزیشکی نەخۆشیەکانی سنگ و دەرونی بوو، بەڵام زیاتر وەکو نوسەرێک و بەرگریکارێک لە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان بەتایبەتی لە ئاستی دنیای عەرەب و جیهانیشدا ناسرابوو. چەندین کتێبی ڕەخنەگرانەی سەبارەت بە پێگەی ژن لە ئیسلامدا نوسیوە. ساڵی ١٩٨٢ کۆمەڵەی هاوپشتی لەگەڵ ژنانی عەرەبدا دامەزراند. هەروەها یەکێک بوو لەو کەسانەی نەخشیان هەبوو لە دامەزراندنی دامەزراوەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ. وەکو ڕێزنان لەو کارانەی کە بۆ بەرگری لەمافەکانی ژنان ئەنجامی دابوون سێجار خەڵات کراوە.

ساڵی ١٩٧٢ کتێبی (ژن و سێکس)ی نووسی کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لەئاستی دنیای عەرەبدا و هاوکات مایەی توڕەبوونی ئیسلامیەکان و بزوتنەوەو هێزە کۆنەپەرستەکان بوو. لەلایەن خەڵکی سیکولار و پێشکەوتنخوازیشەوە پێشوازی لێکرا.

لەسەر کارە ڕەخنەگرانەکانی لە ساڵی ١٩٨١دا بۆماوەی ٣ مانگ لەلایەن حکومەتی ساداتەوە زیندانی دەکرێت. بەناوبانگترین وتەکانی بریتیە لە:" لەوکاتەوەی قەڵەم و کتێبم هەڵگرتوە، مەترسی بوەتە بەشێک لە ژیانم. هیچ شتێک لە ڕاستی ووتن مەترسیدارتر نیە لە جیهانێکدا کە پڕە لە درۆ".

بەهۆی بۆچونەکانیەوە بەردەوام لەلایەن ئیسلامیەکانەوە سکاڵای لەدژ بەرزدەکرایەوە، لەوانە دەعوای جیاکردنەوەی لە مێردەکەی بەناوی سوکایەتیکردن بە ئاینەکانەوە. هەروەها ناوی لە (لیستی تیرۆری گروپە ئیسلامیەکان)دا هەبوو. هەڕەشەی کوشتنی لێکرابوو. بەوهۆیەوە ساڵی ١٩٨٨ ناچاربوو میسر بەجێ بهێڵێ بەرەو دەرەوەی وولات.

دوای گەڕانەوەی لە سەردەمی شۆرشی میسردا ساڵی ٢٠١١، یەکێک بوو لە بەشداربووانی گۆڕەپانی (تەحریر) لە قاهیرە. هەروەها خوازیاری لابردنی فێرکردنی ئاینی بووە لە قوتابخانەکاندا.

★

**توندوتیژی دژی ژنان لەناو ماڵ و لەشوێنی کاردا تاوانە و دەبێ ئەنجامدەرانی ڕووبەرووی لێپێچینەوەی یاسایی ببنەوە!**

**خەباتی ژنانی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافە فەردی و مەدەنیەکانیان بەشێکە لە خەباتی چینی کرێکاری کوردستان بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو حکومەتی میلیشیایی....**

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
00964(0)770 047 5533
muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:
موحسن کەریم
Mob: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

ڕیکخراوی دەرەوە:
دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjaml@gmail.com
نوری بەشیر
Mob: 0044(0)7476204121
Email: nooribashir1@yahoo.com